# نیشتمانێك له خەون و نەوەیەك له فەنا

عەبدولاّ سلێمان(مەشخەڵ)
ڤانکۆڤەر/کەنەدا
سپتامبەری 2005



له کوێوە چوون
لەکام دەلاقەی فیردەوسی ئاهورامەزدادا
خۆتان فڕێدایە نێو کێڵگەکانی خەون
لەڕێی کێوە بوون بە سەربازی ئەرتەشی خەونەکان و
پەیتا پەیتا وڵاتانی هزر و مەعریفەتان ئەگرت
چۆن بوو ڕێتان لێهەڵە نەبوو و
لەسێبەری دار زەیتونێکی یۆناندا
یان لەکەنار گۆمێکی تەنیشت ڕۆماوە
خەونتان نەدیت بە مردن و ئاوابوون و نەچونەوەی هەتا هەتا بۆ نیشتمان
ئێوە چۆن چوون له بێستانی گێلاسەکانی ئەنتوان چیخۆفدا سەر خەویکی بۆ بشکێنن
چۆن بەدەستی بەتاڵەوە ئەچوونەوە نێو حەوشە گەورەکەی غوربەت
چۆن بەدەستی بەتاڵەوە ئەچوونە لای خانەخوێکانی دوێنێ و
دیاریەکانتان بەر لەگەیشتن
بەنیوە قیمەت ئەفرۆشتە بازرگان و چەرچیەکانی سەرسنوور
لەکوێوە سەرابتان ئەگرت
چۆن ئەبوونە دەزگیرانی خەیاڵە سادە و کەبتەکان
چۆن لەخەودا کچەکان و کوڕەکانی ڕۆژئاواتان بەڕوت و قووتی لەژوورێك
لەژوورێکی فەنتاسی سوور
ئەخستە بەر لێزمەی شەهوەتە مەکبوتکراوەکان
هەر لەو خەوە چەندین منداڵتان ئەبوو

قژ زەرد چاو ڕەش
چاو شین قژ ڕەش
هەر لەو خەوە جارێك ئەبوون بە دۆنکیشۆت و
جارێکی تریش بە شایلۆك
لە کوێوە چوون
لەقەنتەرەی کام ئارەزووی شەهیدەوە چوونە ژوریٚ
لەژێر پرچی ئاڵۆسکاوی سنوورەکان خواناسیتان لێببوە تەم
ئالآیەك نەبوو لەژێریا سوجدە بەرن
ئێوە چۆن چوون
چۆن بوون بە میلیشیای مەرگ و توانەوە
گۆرانیەکانتان بۆ کویٚ برد
پرچی تەڕی شیعرەکانتان لەکویٚ هەڵخست
ئێوە دەزانن ئەم چوونە دوایین چوونە
ئەم سەفەرە دوا سەفەری خەیاڵێکی ساردەوە بووی دەم حەزێکی کوتراوە
ئەم سەفەرە بەئەنفالبوونی ڕابردوو و
یادەوەری ڕۆژەکانی منالّیە
ئەم سەفەرە دوا سەفەری وشکبوونەوەی گۆرانی و شیعر و خەونە
دوا سەفەری حەسرەتێکی هار و شێتە
ئێوە گومبەزەکانی تاراوگەتان چۆن داگرت و پڕتان ئەکرد لە چیرۆك و ڕۆمانی خەم
چۆن نامەتان ئەناردەوە
چۆن زمانی دەریا فێر بوون
ئێوە لەکوێوە ئەهاتنە سەر تەرمی خۆشەویستان و
ئەگریان بۆ خاك خۆڵی ئەم نیشتمانە غەددارە.
ئێوە گومڕا بوون یان گومان سێبەری خستە سەر دڵتان
تا تورە بن لە منداڵی و یادەوەری؟
ئێوە کوڕی نیشتمانێکن لە سەراب

نیشتمانی ئێوه لەنێو گەڵاوەریوەکانی پایزدا دەخەوێت و
لەسەر سۆشتەکانی غەددر قاوە تاڵەکانی غوربەت ئەخواتەوە.
نیشتمانی ئێوه کچێکه و ئەگەڕێت بۆ دەزگیران
کەچی تەنها باڵندەیەك ئایەتەکانی مرازی دەخوێنێتەوە.
ئێوه هەر یەك چیرۆکێکن غوربەت ئەتاننوسێتەوە!
(( ئێمه نیشتمانمان نیه
نیشتمانی ئێمه لەنێو باخچەیەکدا وون بوو
نەدۆزیمانەوە و نەسۆراخێکیمان بۆ کرا
نیشتمانی ئێمه تەنها له بۆنەکاندا دەژێت و
له ڕۆژە ئاساییەکاندا هەر سێبەرەکەی دەبینرێت
نیشتمانمان هەر لەخەون و لەخەیاڵ و وڕێنەدا پەیدا دەبێت و
دێت لەسەر مێزێکی تەنیای پارکێکی چۆڵ جگەرەیەکی تەنیایی دائەگیرسێنێت و
ئەڕوات
نیشتمانی ئێمه له پاکژیدا ئاوا بوو و جەستەی له غەددرا هەڵکێشرا
نیشتمانمان خەونێك بوو جوان، وەکو خەونه سپیەکانی باڵندەکانی تاراوگە.))
له کوێوه چوون
لەدەلاقەی کام ئومێد و خەیاڵەوە
خۆتان فڕێدایه نێو دارستانه کاکی بەکاکیەکەی تاراوگە
ئێوه چۆن چوون وەکو وێنه تەنکەکانی نێو ئەلبومەکان هەڵگیرێن!
به قەراغی چ بەیانییەکدا ڕۆیشتن و نەهاتنەوە
لەباوەشی چ شارێکدا بزر بوون و نەهاتنەوە
لەلێواری چ ئەندێشەیەکی تەماوی چاوتان لێکنا و نەهاتنەوە.
چیرۆکەکانتان ببێژن
حیکایەته پڕ له گریان و پێکەنینیەکانتان بگێڕنەوە
باسی جەللادەکان بکەن وەختێ لاشەی خەونەکانیان کەوڵ دەکرد
بیگێڕنەوە...لەکوێوه فەناتان دیل کرد

لەدەروازەی کام خەمەوە هەڵتان کوتایە نێو دەڤەرە وشکەکانی نائومێدی
لەهەناوی چ گۆمێکی فەناداردا فێری مەلەی عیشق بوون و
دڵداریتان ئەکرد لەگەڵ گوڵە ڕەشەکانی شێرزاد حەسەن
ئێوە فیڵتان لە کچە دەزگیران و هەڵخەڵەتاوەکانتان ئەکرد و
ئەبوونە جەستەی تەم و یەکە یەکە لەنێو دارستانەکانی سەفەر ون بوون
ئێوە چی بوون ئەی نەوەکانی حەزرەتی تاراوگە و خەم؟
(ئێمە نەوەیەك لە فەناین
پارچەیەکین لە ئاوێنە شکاوەکانی سەراب و لە گزنگە ڕژاوەکانی سەحەر
ئێمە هەناسەیەکین کورت،
کورت هەروەکو نمایشی شانۆیەکی برتۆڵد برێخت
ئێمە بە سێبەر داپۆشراین و جەستەشمان ڕچیو ڕچیو لەنێو تەنورە ساردەکەی تاراوگەدا وشك بۆوە.
ئێمە لە نیشتمان زویر و نیشتمانیش لە ئێمە زویر
ئێمە ئیتر ساردین وەکو وشکە سەرما
ئێمە ئیتر لە فەنادا سەما ئەکەین و
لەفەنادا نوێژ ئەکەین بۆ خواکانی عوزل و غوربەت)
بیگێڕنەوە ...سەربردەکان بگێڕنەوە
لە ئەلفەوە هەتاکو یێ بیگێڕنەوە
ئەی منداڵە چەتونەکانی تاراوگە و غەدر و فەنا!